# نامە و دیاریەك.. بۆ صەدام

## سیروان بابان



کێشەی نێوان عێراق و وولاتانی جیهان کە تۆ هۆکاری سەرەکی ودروست کەری ئەوکێشەیەو هەزاران کێشەی تری لەو جۆرەیت هەتا ئێستابێ چارەسەر ماوەتەوە و رۆژانەش باسی چۆنیەتی هەڵس وکەوت و چارەسەرکردنی دەکرێت، بەڵام هەروەك هەمووجارێ بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە تا ئێستا کەسێك چارەسەری تەواوی بۆتۆ لانەبو، بەڵام ئێستا من چارەسەرم بۆ دۆزیتەوە.

ئەزانم چەند ئارەزو دەکەیت کەلەرۆ ژنامەومیدیاکانی جیهاندا باس بکرێیت وناوت بهێنن زۆریش تاسەی ئەوەدەکەیت وێنەکانت بەدونیادا بڵاوببنەوە، زۆریشت پێخۆشە نامەی پشتگیریت بۆبێت، هەزارەها نامەشت بۆهاتوە کە زۆربەیان خاوەنەکانی بێئاگان لێی بۆتۆ هیچ نا بەخشێت هەڵبەستراو بێت یان نا بەڵام هەر پێت خۆشە.

بۆیە منیش، هاووڵاتیەکی (کورد) بریارم دا لەناخی دڵمەوە وپە پێچەوانەی هەموو نامە دروست کراوەکانەوە، بەئیرادەی خۆم وبێ سڵ کردنەوە نامەیەکت ئاراستەبکەم، بەڵام دڵنیابە هەموو ووشەیەکی لەناخی دڵمەوە بۆت هەڵدەبژێرم. سەرسام مەبە چۆن هاووڵاتیەکی کورد دووای ئەو هەموو تاوانانەت، دوای کیمیایی بارانی هەڵەبجە، دوای ئەنفال وکاوول کردنی پتر لە ٥٠٠٠ دێ ی کوردوستان، دووای بێ سەرو شوێنکردن وزیندە بەچاڵکردنی هەزاران بارزانی دووای ئەوەی بەهۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی تۆوە میللەتی کورد بووەخاون بەرزترین ژمارەی شەهید، دووای هەزاران تاوانی تر دژ بە میللەتی کوردو دژ بە دونیا، منی لاوێکی کورد بەهەموو هۆشی خۆمەوە نەك تەنها نامەیەك بەڵکو دیاریەکیشت بۆ دەنێرم. من دڵنیام باشترین چارەسەری هەموو کێشەکانە.

هەرچەندە دڵنیام بۆ یەکەم جارە لەمێژووی بونتدا کەسێك هەبێت لەناخی دڵییەوە نامەو دیاریت بۆ بنێرێت، وا من کردم.

کێ هەیە لەسەر رووی ئەم زەمینە ناوی تۆی نەبیستبێت، بەڵام نەك وەك ناودارێك یان فەیلەسوفێك کەبەهۆی داهێنانێکەوە دوونیا بیناسێت. وەلێ تۆ بەهۆی هەزارەها کاری دوژمنکارانەت بەرامبەر بە جیهان ناسراویت، تۆیەك کە ئەبووایە تەنها لاتەشوانێك بویتایە لەلادێیەکی وەك عوجە، بەڵام کەس نازانێت چۆن بویت بەودرندەیەی کە دەستی تاوانت بەم دونیایەدا بڵاو بۆتەوە. دونیاش شاهیدە کەرووی هەزاری وەك هیتلەرت سپی کردووە، تۆیەك دوژمنی ئاشتی دوژمنی ئینسان تۆیەك دەستی کوشتارت لە دژی زۆربەی میللەتانی ئەم دونیایە بەشدارە، تۆیەك بچوکترین تا مەزنترین چەکی کوشندەت دژبەدونیا بەکارهێناوە. تۆی تینو بەهەموو دڵۆپەخوێنێکی ئادەمیزاد، لاوازترین رژێم ودوژمنداریەکی زۆر و بێ دۆستیەکی وەك تۆ لە دونیادا بێ وێنەیە.

تازەترین کێشەت کێشەی ١٠ ساڵ لەمەوبەرە. ووڵاتانی دونیا لە دژی تۆن هەمووجیهان باس لە چەکە کۆکوژیەکانی تۆ دەکەن هەواڵی شەرو درندایەتیت زۆرن، بریاردان وپەشیمان بونەوەت جێی شەرمەزاریتە، هەموو ئامانجێکت کوشتن و ئازاردانی ئادەمیزادە، تێکدانی لانەوشوێنی حەوانەوەی خەڵکی مەزنترین چالاکیتن، کوشتن.. . کوشتن وەك ئاو خواردن، باشترین چارەسەرە لای تۆ . . .



<u>*بیرم ناچێت دیاریەکم هەیە بۆت* *.</u> ئەمیش لەناخی دڵمەوە بۆت دەنێرم تاکو زووە بەکاری بهێنە:

بۆئەوەی ئەم کێشەسەرەکیەی جیهان بەکۆتابێت بۆئەوەی تاوانەکانت لەوەزیاتر بەردەوام نەبێت و بۆئەوەی بەسەربەستی چەك بەکار بهێنیت و کەسێکیش چاودێریت نەکات، بۆئەوەی بتوانیت خوێن برژێت و لەبری دژایەتی کردن ستایش بکرێیت، بۆئەوەی بتوانی ئەم جیهانە لە رژێمێکی دوژمنکاری ئەم سەردەمە لەدەست خوێنرێژێ پاك کەیتەوە دیکتاتۆرێك لەناو بەریت، زوحاکێکی ئەم سەردەمەبروخێنی ولەسەرزەوی دا نەهێڵێت، منالانی نەوەی تازە بەبێ ترس چاوەروانی هاتنەوەی باوکیان بن و بۆیان بێتە دی، بۆئەوەی بکاری بەپەنجەی خۆت بەبێ چاودێر دەمانچەیەك بتەقێنی ئەم جارەیان بۆخزمەتی مرۆڤایەتی، تۆ دەتوانیت داهێنەر بیت لەبەکارهێنانی تازە ترین چەکی سەردەم سودمەندمان کەیت ئازادمان کەیت. هەتازووە بەو پەنجەیەی کە هەزاران جار دەمانچەی تەقاندوە و هەزارانیشی کوشتوە ئەم جارەیان پەنجەیەکی خێرو خۆشیمان بۆ بخەرەسەر جێ تەقاندنی ئەم دەمانچە یەی کەبەدیاری بۆت دەنێرم، ئەوسا هەموو ئەو پێشنیارانەی بۆم کردویت زوو دێتە دی، تۆش وەك (. . . . .) یێك زوو دە (. . . . . . . .) پیت. . . . . . . . .

ئەڵمانیا ٢٤. ٠٩. ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org